گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/6jvj2c64
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 25/03/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/10/2025

# کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان ژنانی هەرێمی کوردستان

**سازیان تالب سالح [1]** - **کاروان علی قادر [2]**
karwan.ali@spu.edu.iq Saziantalib96@gmail.com
[1+2] بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان ،عێراق.

**پوختە:**
کێشەی ئەم توێژینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی (کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان ژنانی هەرێمی کوردستان) دایە، بریتییە لە بونی نارونیەك و تێنەگەیشتن لەو کاریگەرییەی کە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر ژنانی هەرێمی کوردستانی دروستیدەکات. لەو سۆنگەیەشەوە، توێژینەوەکە کاردەکات بۆ دۆزینەوە و زانینی کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش لەسەر توێژی ژنان. هەروەها یەکێك لە ئامانجەکانی تری بریتییە لەدیاریکردن و زانینی دیارترین ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەیە کە بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە لەلای ژنان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە. توێژینەوەکە لەجۆری توێژینەوەی وەسفی و چەندییە، بەجۆرێك ژمارەو ڕێژەی جیاواز لەلایەنی مەیدانیی دەستکەوتون و شیکارو لێکدانەوەش بۆ داتاو زانیارییەکان کراون. توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی ڕاپێوی کە لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیی ئەلیکترۆنی (گوگڵ فۆرم)و ڕوبەڕو (کاغەزیی)و داتاکانی کۆکراونەتەوە هەروەها چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراوی بۆ دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر لەسەر بابەتەکە کراوە. سامپڵی ڕاپێونامەی توێژینەوەکە بریتییە لە (1088) ژنی فەرمانبەر لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە)، کە بەشێوازی ناهەڕەمەکی وەرگیراون و لەسەر بنەمای دوا ئاماری دەستەی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێژەکە بریتییە لە(١٤٣٥٦٠) فەرمانبەری ژن لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان، لەم ڕێژەیە لە(٠.٥ ٪) ڕێژەکە وەرگیراوە. دیارترین ئەو دەرئەنجامەی توێژینەوەکە پێی گەیشتوە ئەوەیە کە سۆشیال میدیا کاریگەریی گەورەی هەبوە لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی لای ژنانی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی (42.2%) و بەشی زۆری ئەو کاریگەرییە نەرێنییە.

**کلیلە وشەکان:** سۆشیال میدیا، بەهای کۆمەڵایەتی، فەرمانبەری ژن، هەرێمی کوردستان

# The Influences of Social Media on Changing Social Values of Women in The Kurdistan Region.

Sazian talb salih[1] - Karwan Ali Qadir[2]

[1-2]Technical Department of Media, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The main problem of this study, which is entitled (The effects of social media on changing social values of women in the Kurdish region) is that there is a vague and lack of understanding of the effects in which the use of social media platforms haS on the women in the Kurdistan Region. As such, the study attempts to achieve several aims specifically understanding and examining the influence of the use of social media platforms on changing social values of the employed women in the Kurdistan region, in addition to exploring the most values in which could be affected by these platforms. In terms of the approaches, this study is both quantitative and qualitative, as the data that were collected from the tools, are both numbers and information. Moreover, the researcher has explained and interpreted the collected data to provide a deeper understanding of the topic and results. The structure and topic of the study have required the use of survey method and for data collection the researcher resorted to the use of questionnaires forms, which were sent to the sample of the study(1088 participants) online through Google form and hardcopy, from all the four provinces of Kurdistan Region (Erbil, Sulaimani, Duhok and Halabja).Furthermore, the size of the sample was determined based on the data that the researcher gained from statistics authority in the KRG. The figure is (143560) female employees in the offices of the Kurdistan Region, of which (0.5%) is taken. The most obvious finding of the study is that social media has had a significant impact on changing social values among women in the Kurdistan Region (42.2%) and most of this impact is negative.

**Keywords:** Social Media, Social Values, Employed Women, Kurdistan Region.

**پێشەکی:**

سۆشیال میدیا لەدونیای ئەمرۆماندا بۆتە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە، بەجۆرێک دەگوترێت مرۆڤ سۆشیال میدیا بەکاردەهێنێت یاخود سۆشیال میدیا مرۆڤ بەکاردێنێت. سۆشیال میدیا توانیویەتی سنوری تەواوی جیهان ببڕێتو بڕواتە ناو ماڵەکان و تاکەکانی خێزان هەریەک بەجۆرێک بکاتە بەکاربەری خۆی. بۆتە سەکۆیەک بۆ یەکتر ناسین و بڵاوکردنەوەی چالاکیەکانیان و خۆناساندن. نەک هەر تاکەکان، بەڵکو ڕاگەیاندنەکانیش توانیویانە سۆشیال میدیا بکەنە مینبەری خۆیان بۆ ئەوەی دوبارە لەڕێگەی ئەم پلاتفۆڕمانەوە پەیامەکانی خۆیان بە بینەران و جەماوەرەکەی خۆیان بگەیەنن، چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی سۆشیال میدیا ئەرکی گەیاندنە(یادگار،٢٠٢٢، ٨٨٩)، پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیایش بەهۆی ئەو ئازادی ڕەهایەی هەیانە لە گەیاندن و توانای بڵاوکردنەوەدا، وایکردوە کە دەرگاوان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبێت. ئەگەر لە ڕاگەیاندنی بیستراو خوێنراو بینراودا فلتەرێک هەبوایە بۆ گلدانەوەی ئەو بیروبۆچونانەی کە دژ بە سیاسەتی کەناڵەکەیە، یان کۆمەڵگەو کەلتورن لەڕێگەی سەرنوسەر و بەڕێوەبەرو کارگێڕی دەزگاکانەوە، ئەوا ئێستا سۆشیال میدیا سەکۆیەکی واڵایە بۆ هەمو چین و توێژو ئاستەکان بەجۆرێک هەریەک بە ویستی خۆی و بە ئازادانە دەکەوێتە دەربڕینی بیرو بۆچونەکانیان.

بەردەستبونی خزمەتگوزارییە زۆرەکانی ناو ئەم پلاتفۆڕمانە وایکردوە هەمو سنورێک ببڕدرێت بەبێ ئەوەی نێرەر ڕوخسارو دەنگ و ناسنامەی ئاشکرا بێت (کاروان، ٢٠٢١، ٥٣٠)، بەمجۆرە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بۆ ناو کۆمەڵگە دەگوازێتەوەو دەست دەبات بۆ هەمو بەها کۆمەڵایەتییەکان و نەریت و کولتور دەخاتە بەر مەترسی گۆڕین و کاڵ بونەوەو لەهەندێک حاڵەتدا نەمانی.

هەندێک لەو بەهایانەی کە نەوەی ڕابردو شانازی پێوە دەکرد بەتایبەتیش کە سۆشیال میدیا گرنگیەکی زۆری هەیە لە پێکهێنانی ڕەفتاری تاک و ئاراستەکردنی و هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر ڕەگداکوتانی بەهای کۆمەڵایەتی یان لاوازبونی بەهایەکی دیکە، بەردەوام بونی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی ژنان و کچانی کۆمەڵگەی کوردی لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیا وایکردوە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر کەسایەتیان و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان، چونکە بەهۆی سۆشیال میدیاوە کەسایەتیە دیارەکانی ناو پلاتفۆڕمەکان دروست بون و ئەو کەسایەتیانەش کەم تا زۆر کاریگەریان دەبێت لەسەر ژنان وکچانی بەکارهێنەر. ئەمڕۆ هەندێک کەس سۆشیال میدیایان کردۆتە مینبەرێک بۆ دەرکەوتنیان و بە مۆدێل بونیان، پەیداکردنی بازاڕ بۆ کاڵاکانیان، بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان و هەروەها ژنانێک کە خۆیان بە داکۆکیکەری مافەکانی ژنان و کچان دەزانن لەڕێگەی هاشتاگەکانیانەوە ئەو پەیامانە دەنێرن و دەیکەنە ترمێندێک و جیهان لەمەبەستەکانیان ئاگادار دەکەنەوە.

## بەشی یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە

### 1-1 کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بونی نارونیەک و تێنەگەیشتن لە ئاست و جۆری ئەو کاریگەرییەی کە سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان دروستیکردوە.

### 2-1 پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

سەرەکیترین پرسیاری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیەکە ئایا سۆشیال میدیا کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتیەکان لای ژنانی هەریمی کوردستان، هەروەکچۆن توێژینەوەکە چەند پرسیارێکی دیکەش لەخۆدەگرێت، ئەوانیش بریتین لە:

1- تا چەند سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر بەهای کۆمەڵایەتیی ژنان لەهەرێمی کوردستان دروستدەکات؟

2- دیارترین ئەو بەهایانە چین کە بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە لای ژنانی فەرمانبەری هەرێمی کوردستان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە؟

3- کام پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیا زۆرترین کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان؟

### 3-1 ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەن، دیارترینیان ئەوانەی خوارەوەن:

1- زانینی ئاستی کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی ژنان لەهەرێمی کوردستان.

2- زانینی دیارترین ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە لەلای ژنانی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوە.

3- ئاشکراکردنی گرنگترین ئەو پلاتفۆرمانەی سۆشیال میدیا کە زۆرترین کاریگەریی دروستدەکەن لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی لای ژنان.

**4-1 ڕێبازو میتۆدی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە وەسفییە، بەجۆرێک داتاو ئەنجامەکان بەژمارەو ڕێژە دەستکەوتون و خراونەتەڕو لەگەڵیدا بەشێوەیەکی وەسفی شیکردنەوەو ڕاڤەیان بۆ کراوە. میتۆدی بەکارهاتوش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بریتییە لە ڕاپێویی کە بۆ مشتەی دیاریکراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئەنجام دراوە. بۆ کۆکردنەوەی داتاکانیش ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهاتوە کە بەهەردو شێوەی ئۆنلاین و ڕوبەڕو بەسەر بەرتوێژاندا دابەشکراون. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر لەبارەی بابەتەکە تایبەت بەکۆمەڵگەی توێژینەوە، توێژەر چەند چاوپێکەوتنێکی نیمچە ڕێکخراوی (Semi structured) ئەنجامداوە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری سۆشیال میدیاو بەها کۆمەڵایەتییەکان.

**5-1 کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە کۆی ژنان لە هەرێمی کوردستان و سامپڵی توێژینەوەکەش ژنانی فەرمانبەری کەرتی گشتی و تایبەتی دەگرێتەوە لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)، کە ژمارەیان (١٠٨٨) ژن بوە بۆ سامپڵی ئەم توێژینەوەیە.

**6-1 سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە بەسەر چەند بوارێکدا دابەش بوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

سنوری مرۆیی: توێژینەوەکە لەسەر سامپڵێک لە ژنانی فەرمانبەر لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت.

سنوری جوگرافی: توێژینەوەکە ژنانی فەرمانبەر لە هەرێمی کوردستان، وەردەگرێت، لەهەر چوار پارێزگاکە.

سنوری کات: بواری مەیدانی توێژینەوەکە لەمانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەمی ساڵی 2023 ئەنجام دراوە.

**7-1 ڕاستی ڕواڵەت و جێگیری توێژینەوە:**

**1-7-1: ڕاستیی ڕواڵەتی:** توێژەر بۆ زانینی ڕاستی و دروستیی ئامرازی توێژینەوەکە کاری لەسەر ڕاستیی ڕواڵەتی کردوە، بە شێوەیەک پاش گەڵاڵەکردنی فۆڕمی ڕاپرسی فۆڕمەکە خرایە بەردەست ژمارەیەک پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و تۆمارکردنی سەرنج و تێبینییەکان*، لەسەر ئەو بنەمایە، ڕاستیی فۆڕمەکان بە پێی هاوکێشەی (هۆڵستی) بریتییە لە:

هاوکێشەی هۆلستی: (بڕگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکان) x 100

بڕگە ڕاستەکان/ کۆی بڕگەکان x 100،

ڕاستیی ڕواڵەتی= (170/ 134)*100=81.17

ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی و دروستی ئامرازی توێژینەوەکە.

**2-7-1: جێگیری:** توێژەر پشتی بە جێگیری ناوخۆیی بەستوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (ئەلفاکرونباخ)، کە یەکێکە لە پێوەرە زانستییەکان و پێوانەکردنی ئاستی جێگیری ئامرازی بەکارهاتو بۆ توێژینەوەکە، پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەکە بەهای جێگیری کردییە (0.899)، کە گەورەترە لە (0.65) و ئەمەش بەهایەکی باش دەردەخات و ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە بڕگەو پرسیارەکاندا.

**8-1 پێناسەی زاراوەکان:**

### 1-8-1: سۆشیال میدیا

مەبەست لێ میدیای خەڵکە (میدیای کۆمەڵایەتی)، لەو پلاتفۆرم و پێگانەی کەرێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات هەژماری تایبەتی دروست بکەن و پەیوەندی لەگەڵ بەکارهێنەرانی تری هەمان پێگەدا دروست بکەن، بەم شێوەیە بەکارهێنەران کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن و پەیوەندی بەهاوڕێ و هاوکار و خێزانیان دەکەن، ئەم بەکارهێنانە تەنیا بۆ مەبەستی تاکەکەسی نیە، بەڵکو بەمەبەستی تەواوی بوارەکانی ژیان، تەنها میدیایە کە بەتەنها قسەکەرنیە، بەڵکو ڕێگە بەخەڵک دەدات ڕۆڵی وەرگر و دواتر نێرەریش ببینێت. بەپێچەوانەی میدیای کلاسیک کە وەرگر تەنها دەیتوانی بینەرو گوێگرو خوێنەربێت، بەگشتی سۆشیال میدیا پەیوەندیەکانی لە جیهانی ڕاستیەوە دەگۆڕێت بۆ جیهانی مەجازی و بەپێچەوانەشەوە. (Kennedy,2019, 14) .

### 2-8-1: بەهای کۆمەڵایەتی

بەها کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەو کۆمەڵە پرەنسیپانەی کەچەمکی ئەخلاق بۆ تاک دیاری دەکات، دەشێت بەهاکان هەمیشەیی یان گۆڕاو ڕێژەیی بن، بەهاکان بەشی جیاوازی کەلتوری و نەریتی لەخۆدەگرن، کۆمەڵگەی جیاواز بەهای جیاوازیان هەیە، چونکە بەهاکان ڕەنگدانەوەی ژینگەو پەروەردەن کە لەناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە لەچینێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێت، هەرلەبەر ئەمەیە کەسایەتی جێگیرو سەربەخۆ ڕەنگدانەوەی تاکی خاوەن بەهایە. بۆنمونە نەریتی پەیوەندییەکانی نێرومێ لەکۆمەڵگەدا، بەها کۆمەڵایەتیەکە بەو مانایەی لەهەر کۆمەڵگەیەک ئەم پەیوەندیە بەجیاواز دەبینێت، هەتا کۆمەڵگە داخراوتربێت پەیوەندیەکە داخراوترە، لەگەڵ کرانەوەی کۆمەڵگە ئەم بەهایە گۆڕانی بەسەردادێت (بیومی،2011، 387).

### 3-8-1: فەرمانبەری ژن:

هەمو ئەو کارمەندە ژنە حکومیانە دەگرێتەوە کە بەپێی گرێبەستێک یان داواکاری و ڕەزامەندییەک لەناو فەرمانگەکاندا کاردەکەن لەماوەو کاتێکی دیاریکراودا، کە پێشتر وەک ئەرک بۆیان دیاریکراوە، لەبەرامبەردا بڕە موچەیەکی دیاریکراوە وەکو ماف وەریدەگرن.

### 4-8-1 هەرێمی کوردستان:

ناوچەیەکی جوگرافیایە دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵیە لەچوارچێوەی کۆماری عێراق، لەلایەن حوکمەتی عێراقەوە بەپشتبەستن بە دەقی دەستوری هەمیشەیی عێراق، دانی پێدانراوە. (ماددەی 113 ی دەستوری هەمیشەیی عێراق،2005).

### 9-1: گریمانەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، دو گریمانەی سەرەکیی هەیە کەبەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم:سۆشیال میدیا پەیوەندیی بەهێزی ئەرێنی هەیە لەگەڵ گۆڕانی بەهاکۆمەڵایەتیەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان.

دوەم: سۆشیال میدیا کاریگەری هەیە لەسەر زۆرینەی بەها کۆمەڵایەتیەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان.

## بەشی دوەم:

## سۆشیال میدیاو بەهای کۆمەڵایەتی

### 1-2: سۆشیال میدیا

سۆشیال میدیا دنیایەکی فراوانە ڕێگە بە بەشداربوانی دەدات پێگەی خۆیان هەبێت لەسەر ئینتەرنێت. لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێی کۆمیونیکەیشن بەتایبەتیش ئینتەرنێت هاتۆتە ئاراوەو تەکنەلۆژیای پەیوەندی و بڵاوکراوە ئەلکترۆنیەکان و بڵاوبونەوەی خێرای تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە ڕێگە بەتاکەکان دەدات کەناڵەکانی بەکاربهێنن و بەشداری بکەن بەبێ سنوردارکردنی مەرج و ئازادی لە وەرگرتن و بڵاوکردنەوە (منغيد وفنير،٢٠٢١، ٢٨). هەمو ئەمانەش بەهۆی پێشکەوتنی ئینتەرنێت و سەرهەڵدانی نەوەی دوەمی Web 2.0ھ، کە هۆکاری سەرەکیە (نوشيوالربيعي،2017، 37). لە ئێستادا ناتوانرێت باس لە سۆشیال میدیا بکرێت بەبێ ئەوەی قسە لەسەر دەستەواژەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان (تۆڕەکانی پەیوەندییکردنی خەڵک) بکرێت، بەپێی تێڕوانینە باوەکان بۆ

سۆشیال میدیا هەموان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی لە سەرەتادا بەپلەی یەکەم بۆ کات بەسەربردن و پەیوەندییە تاکە کەسییەکان بوە، لەناویاندا ئیمەیل کەسەرەتاییترین شێوەی سۆشیال میدیایەو لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت (دراحی،2020، 9).

**2-2: چەمک و پێناسەی بەهای کۆمەڵایەتی**

بەهای کۆمەڵایەتیی لەبنەڕەتدا چەمکێکی کۆمەڵناسیەو شارەزایانی ئەو بوارە پێناسەی جیاوازیان بۆی هەیەو بەپێی ڕوانگەی قوتابخانە کۆمەڵایەتیە **جیاوازەکان**، پێناسەی جیاوازیان بۆکردوە،

لە پێناسەیەکدا، بەهای کۆمەڵایەتی وا وەسف دەکرێت کەپاڵنەرێکی تەواو ئایدۆلۆژیەو لەسەر ڕەفتارو هزری مرۆڤەکان کاریگەری دروست دەکات، یان دیسپلینی ڕەفتارییە بیروباوەڕەکانی مرۆڤ کاری لەسەر دەکەن، ئەم دیسپلینانە ئاکار ورەفتاری مرۆڤ لەقاڵب دەدات و لەگەڵ کۆمەڵگا دەیسازێنێت (نورية،2020، 85). بەهای کۆمەڵایەتی واش پێناسەی دەکرێت کە تایبەتمەندی خوازراون لەلایەن کەلتوری کۆمەڵگەوە قبوڵکراوە، بەهای وەکو (ڕاستگۆیی، لێبوردەیی، هێز)، پێکەوە دەبنە ئامرازێکی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی نەزمو سەقامگیری کۆمەڵایەتی. هەروەها بەها کۆمەڵایەتییەکان ئەو تایبەتمەندییانەن کە گروپەکان ئارەزوی دەکەن و ڕەفتاریان ئاڕاستە دەکات، لەمەشدا حەڵاڵو حەرام، ڕاستو هەڵە باش و خراپیان پێدەڵێن، بەمەش کەلتوری ڕاستگۆیی و دادپەروەری و هاوکاری و خۆبەخشی و هێز دەبنە ئامرازێکی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی (عایز،2010، 40).

**3-2: سۆشیال میدیاو بەها کۆمەڵایەتییەکان**

لەماوەی بیست ساڵی ڕابردودا، تەکنەلۆژیای پەیوەندییکردن گۆڕانکاریی گەورەو خێرای بەخۆیەوە بینیوەو بەو هۆیەشەوە، سۆشیال میدیا ئەوەندەی تر پێشکەوت و گۆڕانکارییەکان خێراتر بون، بۆ نمونە مۆبایلی زیرەک ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر بەکارهێنەران لەسەرانسەری جیهاندا دروستکرد، ئەوان لەدەستی بەکارهێنەراندا ئامرازی پەیوەندیکردنن. بەر لە شۆڕشی تەکنەلۆژیاو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن هەرسێ جۆری میدیای بینراو، بیستراو خوێندراو توانیان تارادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر وەرگرانی هەبێت، بەتایبەتیش چونکە میدیا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە، ( Singh & Nity, 2017,.127). سەرەتای سەدەی ڕابردو فیلمە سینەماییەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر کۆمەڵگا هەبو ئەویش دوای ئەوەی کارل لایمل لەساڵی 1911، بیرۆکەی (داهێنانی ئەستێرەکانی) داهێنا لە کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنانی فیلمدا کەئامرازی نوێی ڕیکلام بو بۆ فیلمەکان لە پێش بڵاوبونەوەیان.


بەربڵاوبونی ئینتەرنێت و فەراهەم بونی ئامرازەکانی پەیوەندی کردن لەماوەی بیست ساڵی ڕابردودا، ڕێگە خۆشکەربو کە میدیای کلاسیکیش دوبارە خۆی نوێ بکاتەوەو لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە زانیاریەکانیان بڵاوبکەنەوەو هاوڵاتیانیش ببن بە خاوەن سەکۆیەک بۆ بڵاوکردنەوەی دەق هەمەجۆر، زیادبونی فۆڕمی نوێی سۆشیال میدیا بۆ ناو کەلتوری پەیوەندیکردنی سەردەم وەک (سایتەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بلۆگەکان)، دەرفەتی زیاتریان بۆ ژنانیش ڕەخساندوە بونی خۆیان بەهێزبکەن (Drames,2016, 19).

(هێرش، ٢٠٢٣) ڕونیدەکاتەوەکە گەنجان لەتەماشاکردنی دراما تورکیە دۆبلاژکراوەکان ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان وپێیان وایە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی ناپاکی هاوسەرایەتی وبەهای کۆمەڵایەتی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردی لەخۆدەگرێت، بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە هاوڕان لەسەر ئەوەی بەڵێ دراماکان کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی لای گەنجانی پارێزگای سلێمانی، هەروەها لەتوێژینەوەیەکی دیکەی پێشودا کە لە گۆڤاری (الجامعة الاسلامية للدراسات الانسانية) ساڵی 2022، بەناونیشانی (اثر مواقع التواصل الاجتماعي على القيم لدى الشباب الاردني من وجهة نظر طلبة الدراسات العليا في جامعة مؤتة) بڵاوکراوەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا بەرتوێژان لەنێوان تەمەنی (25-41) ساڵیدایەو پێك هاتوە لە خوێندکارانی ئاستی خوێندنی دکتۆراو ماجستێر لە هەردو ڕەگەز پێك هاتون، لە پرسیارەکانی تایبەتە بە کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی دەرکەوتوە کە سۆشیال میدیا کاریگەری لەسەر بەها تاکە کەسییەکانی گەنجانی ئەو وڵاتەدا هەیە بەکۆی دەنگ هەمویان

هاوڕان لەسەر کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتیەکان، دەرکەوتوە کە ئاستی کاریگەریەکە لەسەر گەنجانی ئەو زانکۆیە لەئاستێکی مام ناوەندایە، لە خشتەکەدا کاریگەری ئەرێنی سۆشیال میدیا لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی گەنجانی ئوردن پشتڕاست کراوەتەوە، توێژینەوەیەکی دیکە لەلایەن Tara Scirrotto Drames بەناونیشانی ( The Impact Of Internet Social Networking On Young WOMEN'S Mood And Body Image) (Satisfaction ساڵی 2016 ئەنجامدراوە، دەریدەخات ژنان بەهۆی کەناڵەکانی میدیاوە توشی نارەزایەتی بون لەسەر جەستەی خۆیان، چونکە سەیری ڕیکلامە تەلەفزیۆنیەکان دەکەن. لەتوێژینەوەکەدا هاتوە ژنان سەیری ئەو کلیپانەشیان کردوە کە خانمان دەرکەوتون تێیدا دوای ئەو بەراوردکاریە ژنان و کچانی گەنج لەسەر جەستەیان ئەنجامیانداوەو خوێندنەوەکانیان چڕکردۆتەوە لەسەر چۆنیەتی خۆلاوازکردن و دروستکردنی جەستەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش، هەروەها دارشتنەوەی فۆڕمێکی نوێ بۆ جەستە و بەخشینی سیفەتی جوانی، توێژینەوەیەکی دیکە بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی (دور الشبكات الاجتماعیه فی توعیه المرأه بالقضایا الاجتماعیه) لە ساڵی 2015 لەلایەن سەلما ئیبراهیم محەمەد بڵأوکراتەوەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەیەکی زۆری بەرتوێژەکانی کەخانمانن (77%)، پێیانوایە کە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەدروستبونی هوشیارییان بەرامبەر بابەتە کۆمەڵایەتیە هەمەجۆرەکان و لەهەمان کاتدا ڕێژەی نزیکەی 78%ی بەرتوێژەکانی ئاماژەیان بەوەداوە کە بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە پلاتفۆرمە هەمەجۆرەکانی سۆشیال میدیا دەبەستن وەك سەرچاوەیەك بۆ پێکهێنانی هوشیارییان بەرامبەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. جگە لەو کاریگەرییانە، بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە قەناعەتیان وایە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ڕۆڵی بەرچاوی هەبو لە ڕەفتارەکانیان. ئەم توێژینەوەیە، کەپشتی بەڕێبازی (ڕوپێوی) بەستوە، کاری لەسەر مشتەیەك لەخانمانی میسر کردوە کە 400 کەسن و لەنێوان مانگەکانی تشرینی دوەمی 2014و شوباتی 2015دا ئەنجام دراوە. لەتوێژینەوەیەکیدیکەدا هاتوە بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی (دور الشبكات الاجتماعیه فی توعیه المرأه بالقضایا الاجتماعیه) لە ساڵی 2015 لەلایەن سەلما ئیبراهیم محەمەد بڵأوکراتەوەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەیەکی زۆری بەرتوێژەکانی کەخانمانن (77%)، پێیانوایە کە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەدروستبونی هوشیارییان بەرامبەر بابەتە کۆمەڵایەتیە هەمەجۆرەکان و لەهەمان کاتدا ڕێژەی نزیکەی 78%ی بەرتوێژەکانی ئاماژەیان بەوەداوە کە بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە پلاتفۆرمە هەمەجۆرەکانی سۆشیال میدیا دەبەستن وەك سەرچاوەیەك بۆ پێکهێنانی هوشیارییان بەرامبەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکان. جگە لەو کاریگەرییانە، بەرتوێژانی ئەم توێژینەوەیە قەناعەتیان وایە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا ڕۆڵی بەرچاوی هەبو لە ڕەفتارەکانیان. ئەم توێژینەوەیە، کەپشتی بەڕێبازی (ڕوپێوی) بەستوە، کاری لەسەر مشتەیەك لەخانمانی میسر کردوە کە 400 کەسن و لەنێوان مانگەکانی تشرینی دوەمی 2014و شوباتی 2015دا ئەنجام دراوە.

سەبارەت بەڕێژەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا، بەپێی ماڵپەڕی (Statista.com)، تا کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٤) ژمارەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا لە جیهاندا (٥.٠٤ ٠٢٤) ملیار کەس بوە ئەمەش ئەکاتە نزیکەی (٦٢.٣%)ی کۆی دانیشتوانی جیهان، تا مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤، ڕێژەی ئەو ژنانەی کە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن لە سەرانسەری جیهاندا نزیکەی (٤٦.٤%)یەو ئەم داتایانە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئاستی جیهانیدا 46.4%ی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا ژنن، لەکاتێکدا (53.6% ) ئەو ڕێژەیە پیاوانن، بە تەنیا لە ئەمریکا ( ٥٣.٩%) ی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا ژن بون، (٤٦.١%) بەکارهێنەرانیش پیاوان بون، سەبارەت بە وڵاتی عیراق، لەکۆی 41.67 ملیۆن کەس 20.58 ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت هەبوە کە دەکاتە 50.6% دانیشتوان، لە عێراق، تا مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٣،( ٣٣.٤٪ ) لەسەدی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا لە ڕەگەزی مێ بون و لەسەدا (٦٦.٦) لە ڕەگەزی نێر بون، هەرێمی کوردستان بەشێکە لەم ڕێژەیە، بە تایبەت ژنان (27.0%) یان بەکارهێنەری فەیس بوکن، 34.2% یان بەکارهێنەری ئینستاگرامن و هەروەها بۆ ماسنجەریش (73.8%) لەبەکارهێنەرانی ژن بون و (17.6%) لە بەکارهێنەرانی لینکیدئین لەڕەگەزی ژنانن، سەبارەت بە سناپ چاتیش، (51.9%) بەکارهێنەرانی ژن بون. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، ئامارەکانی

بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک بەشێک لە عێراق خراوەتەڕو، بۆیە ناتوانرێت ڕێژەی بەکارهێنان بە وردیی لەکوردستان بزانرێت.




ڕێژەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا لە جیهاندا

## بەشی سێیەم: کاریگەریی سۆشیاڵ میدیا لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان

### 1-3 ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە:

خشتەکانی خوارەوە بریتیین لە ڕاپرسینامەیەک لەگەڵ (1088) فەرمانبەری ژن لەهەریەک لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)سامپڵەکە بەشێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە، لەخوارەوە بە خشتەو بەبەکارهێنانی ڕێگای ئاماری پێویست ئەنجامەکەی دەخەینە ڕو.

### 2-3 تەوەری یەکەم/ زانیاریە دیموگرافییەکان:

**خشتەی (1)، تەمەنی بەرتوێژان**

| بڕگە | دوبارە بونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| 18 – 22 ساڵ | 82 | 7.5 | 5 |
| 23-27 ساڵ | 348 | 32.0 | 1 |
| 28 – 32 ساڵ | 260 | 23.9 | 3 |
| 33 – 37 ساڵ | 280 | 25.7 | 2 |
| 38 – 42 ساڵ | 102 | 9.4 | 4 |
| 43 ساڵ و زیاتر | 16 | 1.5 | 6 |
| **کۆی گشتی** | 1088 | 100.0 | |

خشتەی سەرەوە ئاستی تەمەنی بەرتوێژان دیاری دەکات بەپێی خشتەکە هەڵبژاردەی زۆربەی بەشداربوان تەمەنیان لەنێوان (٢٣-٢٧) ساڵدایە بە ڕێژەی (٠.٣٢%) دوای ئەوەش تەمەنی (٣٣-٣٧) ساڵ دێت بەرێژەی( ٢٥.٧%).

**خشتەی (٢)باری خێزانی بەرتوێژان**

| بڕگە | دوبارە بونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| سەڵت | 468 | 43.0 | 2 |
| خێزاندار | 496 | 45.6 | 1 |
| جیابوەوە | 115 | 10.6 | 3 |
| هاوسەر مردو | 9 | 0.8 | 4 |
| **کۆی گشتی** | 1088 | 100.0 | |

وەک لە خشتەی ژمارە (2) دا خراوەتە ڕو باری خێزانی زۆربەی بەرتوێژان (خێزاندارە) و بەرێژەی (45.6%) و دوای ئەویش ئاستی مام ناوەند بۆ بژاردەی (جیابووەوەی) بەرێژەی(10.6%)، هەروەها نزمترین ئاست بۆ بژاردەی هاوسەرمردوە بەرێژەی (0.8%).

### 3-3 تەوەری دوەم: بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا

**خشتەی (3) ماوەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن بەرتوێژانەوە**

| برگە | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە 1 ساڵ | 1 | 0.1 | 5 |
| 3-1 ساڵ | 39 | 3.6 | 4 |
| 7-4 ساڵ | 282 | 25.9 | 3 |
| 11-8 ساڵ | 329 | 30.2 | 2 |
| 12 ساڵ و زیاتر | 437 | 40.2 | 1 |
| **کۆی گشتی** | 1088 | 100.0 | |

وەک لەخشتەی ژمارە (3)دا خراوەتەڕو، زۆرینەی بەرتوێژان کەڕێژەی (40.2%) پێکدەهێنن، زیاتر لە 12 ساڵە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن و دوای ئەویش بەپلەی دوەم بەڕێژەی (30.2%)، ئەوانە دێن کە ماوەی 8 بۆ 11 ساڵە سۆشیال میدیا بەکاردێن. بەشێوەیەکی گشتی، بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیە، زۆربەی هەرە زۆری بەرتوێژان ماوەی چەندین ساڵە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بەکاردێنن، کەئەمەش وا دەکات بەرتوێژان تاڕادەیەکی باش ئەزمون و شارەزاییان هەبێت لەکاریگەری و ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە سەر بەکارهێنەران و کۆمەڵگە.

**خشتەی (4) ماوەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەڕۆژێکدا**

| برگە | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە 1 کاتژمێر | 126 | 11.6 | 4 |
| 2-1 کاتژمێر | 291 | 26.6 | 2 |
| 4-3 کاتژمێر | 425 | 39.1 | 1 |
| 6-5 کاتژمێر | 67 | 6.2 | 5 |
| 7 کاتژمێرو زیاتر | 179 | 16.5 | 3 |
| **کۆی گشتی** | 1088 | 100.0 | |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (4)، زۆرینەی بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا بە (425) دوبارەبونەوە کە دەکاتە ڕێژەی (39.1%)ی بەرتوێژان، ڕۆژانە 3 بۆ 4 کاتژمێر سەیری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا دەکەن و بەکاریان دەهێنن. بەشێک لەبەشداربوان کە ڕێژەی 16.5%ە، لەڕۆژێکدا حەوت کاتژمێرو زیاتریش سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن. بەپێی ئەنجامەکان کە لەم خشتەیەدا خراوەتەڕو، ڕێژەیەکی بەرچاو لەبەرتوێژان ڕۆژانە ماوەیەکی باش لەسەر پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بەسەردەبەن.

**خشتەی (5) بەربڵاوترین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لای بەکارهێنەران**

| برگە | دوبارە بونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەیسبوک | 815 | 21.06 | 2 |
| ئنستاگرام | 864 | 22.33 | 1 |
| تویتەر | 262 | 6.77 | 6 |
| تیکتۆک | 548 | 14.16 | 5 |
| سناپچات | 565 | 14.60 | 4 |
| لینکیدئین | 71 | 1.83 | 7 |
| یوتیوب | 745 | 19.25 | 3 |
| **کۆی گشتی** | 3870 | 100.0 | |

لەنێو ژنانی فەرمانبەردا کە مشتەی ئەم توێژینەوەیەن، وەک لەخشتەی ژمارە (5)دا خراوەتەڕو، ئنستاگرام زۆرترین بەکارهێنەری هەیە بە 864 دوبارەبونەوە کەزیاتر لە ڕێژەی 22%ی بەرتوێژان پێکدەهێنێت و دوای ئەویش لەپلەی دوەمدا فەیسبوک دێت بە 815 دوبارەبونەوەو ڕێژەی 21%ی بەشداربوان. لینکیدئین (بەڕێژەی 1.83%)و تویتەر (بەڕێژەی 6.7%) کەمترین بەکارهێنەریان هەیە لەنێو ژنانی فەرمانبەر لەهەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی (6) بەربڵاوترین ئەپلیکەیشنەکانی چات لای بەکارهێنەران**

| بڕگە | دوبارە بونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| واتسئەب | 983 | 35.36 | 1 |
| ڤایبەر | 602 | 21.65 | 3 |
| تەلەگرام | 403 | 14.50 | 4 |
| سیگناڵ | 164 | 5.90 | 5 |
| مەسەنجەری فەیسبوك | 628 | 22.59 | 2 |
| **کۆی گشتی** | 2780 | 100.0 | |

ژنانی فەرمانبەری بەشداربو لەم توێژینەوەیە، زۆربەیان واتسئەپ بەکاردێنن. بەگوێرەی ئەنجامەکانی نێو خشتەی ژمارە (6)، لەنێو کۆی بەرتوێژاندا، (983)یان کەڕێژەی 35.3% پێکدەهێنێت، واتسئەپ بۆ پەیوەندییەکانیان بەکاردەهێنن و دوای ئەویش بەپلەی دوەم ئەپلیکەیشنی ڤایبەر دێت کە 602 بەشداربو بەڕێژەی 21.6% بەکاریدەهێنن. لەپلەی سێیەمیشدا مەسەنجەری فەیسبوک دێت و ڕێژەی 22.5%ی بەرتوێژان بەکاریدێنن. بەربڵاویی زیاتری واتسئەپ لەنێو ژنانی فەرمانبەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەزیاتر لایەنی سەلامەتی و هەندێ خەسڵەتی تری تێدا فەراهەمکراوە بۆ پەیوەندییکردن، بەبەراورد بەهەندێ لەئەپلیکەیشنەکانی تر.

**خشتەی (7) دیارترین ئەو بابەتانەی لەسۆشیال میدیا گرنگییان پێدەدرێت**

| بڕگە | دوبارە بونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| کۆمەڵایەتیی | 896 | 22.11 | 1 |
| سیاسی | 615 | 15.17 | 6 |
| ئابوریی | 456 | 11.25 | 10 |
| ژینگەیی | 349 | 8.61 | 11 |
| تەکنەلۆجیی | 313 | 7.72 | 12 |
| خۆشی و کات بەسەربردن | 618 | 15.25 | 5 |
| تەندروستیی | 806 | 19.89 | 4 |
| هونەری و فەرهەنگیی | 560 | 13.82 | 8 |
| وەرزشیی | 469 | 11.57 | 9 |
| ئاینی | 606 | 14.95 | 7 |
| جوانکاریی | 882 | 21.76 | 2 |
| فێرکاریی | 860 | 21.22 | 3 |
| **کۆی گشتی** | 4053 | 100.0 | |

بۆ ژنانی بەشداربوی ئەم توێژینەوەیە، وەک لەخشتەی ژمارە (7)دا ڕونکراوتەوە، بوارەکانی کۆمەڵایەتی، جوانکاریی و ئنجا فێرکاریی، دیارترین ئەو بوارانەن کە بایەخیان پێدەدرێت، بە جۆرێک زۆرینەی بەشداربوان بەڕێژەی 22.1% بایەخی بە بوارە کۆمەڵایەتیە کە

دەدەن و دوای ئەوەش لە پلەی دووەمدا، بواری جوانکاریی دێت بەڕێژەی 21.7 و ئنجا بەجیاوازییەکی کەم لەپلەی سێیەمدا بابەتی فێرکاری دێت بەڕێژەی 21.22%. چەند بابەتێکی تریش هەن کە ژنانی بەشـــداربوی ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی بەرچاوی پێدەدەن وەک تەندروستی، کات بەسەربردن و ئایینیش. لەخشتەی ژمارە (9)دا بوارەکان خراونەتەڕو.

**خشتەی (8) مەبەستەکانی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا**

| بڕگە | دوبارە بونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆئاڵوگۆڕی زانیاری | 877 | 9.35 | 2 |
| بۆ پتەوکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 756 | 8.06 | 3 |
| بڵاوکردنەوەی چالاکیە کەسیەکان | 676 | 7.20 | 5 |
| برەودان بەکاری دەستیوبازاڕسازی | 374 | 3.99 | 15 |
| کاری مرۆیيوخێرخوازی | 365 | 3.89 | 16 |
| بۆئاگاداربون لەهەواڵو زانیاریو ڕوداوە ناوخۆیيو جیهانیەکان | 900 | 9.59 | 1 |
| بۆناسینی کەسایەتیەکان و ئاگاداربون لە چالاکیەکانیان | 629 | 6.70 | 9 |
| بۆ کات بەسەربردنو یاریکردن | 661 | 7.04 | 8 |
| بۆ خوێندنەوەی کتێب و گوێگرتن لە کتیبە دەنگیەکان | 529 | 5.64 | 14 |
| بۆسەیرکردنی فیلم و گوێگرتن لە مۆزیك | 537 | 5.72 | 13 |
| بۆفێربونی شێوازی نوێ لە ئارایشت کردن و جۆرەکانی مایك ئەپ | 553 | 5.89 | 11 |
| بۆ وەرگرتنی زانیاری تەندروستی و نەخۆشیەکانی ژنان | 567 | 6.04 | 10 |
| بۆ گوێگرتن لەئامۆژگاری ئاینی و قورئان | 547 | 5.83 | 12 |
| بۆ گوێگرتن لە پسپۆڕانی دەرونی و وەرگرتنی ڕێنمایی تایبەت | 675 | 7.19 | 7 |
| بۆفێربونو ئامادەکردنی خواردن وشیرینی | 724 | 7.72 | 4 |
| هیدیکە (تکایە بینوسە) | 13 | 0.14 | 17 |
| **کۆی گشتی** | 9383 | 100.0 | |

دیارترین مەبەســـتەکانی بەکارهێنانی ســـۆشـــیال میدیا لەلایەن بەرتوێژانەوە ئاگاداربونە لە هەواڵ و زانیاری و ڕوداوە ناوخۆیی و جیهانییەکان، بەو پێیەی لە پلاتفۆرمەکانی ســـۆشـــیال میدیادا لە کەمترین ماوەدا هەواڵ و زانیاریەکان بڵاودەکرێنەوەو دەگەنە دەست بەکارهێنەر. بەپێی ئەنجامەکان کە لە خشتەی ژمارە (10) خراونەتەڕو، لە پلەی یەکەمدا، زۆرینەی بەشداربوان بەرێژەی 9.59% ســـۆشـــیال میدیا بۆ ئاگاداربون لەهەواڵ و زانیاری و ڕوداوە ناوخۆیی و جیهانیەکان بەکاردەهێنن و دوای ئەویش لە پلەی دووەمدا بەرێژەی 9.35% بەمەبەســـتی ئاڵوگۆڕی زانیاریی بەکاریاندێنن. لە پلەی ســـێیەمیشـــداو بە ڕێژەی 8%، بەشـــداربوان بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بەکاردێنن.

**خشتەی (9) جۆرەکانی کارلێکی بەرتوێژان لەگەڵ بابەتەکانی نێو سۆشیال میدیا**

| جۆری کارلێك | هەرگیز | بەدەگمەن | تاڕادەیەك | زۆر | هەمیشە | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | Mean | S.D | RI | Results |
| | % | % | % | % | % | | | | |
| لایكوئیمۆجی | 10 | 161 | 295 | 383 | 239 | 3.63 | 1.01 | 72.60 | زۆر |
| | 0.92 | 14.80 | 27.11 | 35.20 | 21.97 | | | | |
| شەیروبەشکردن | 29 | 147 | 573 | 194 | 145 | 3.26 | 0.94 | 65.20 | تاڕادەیەك |
| | 2.67 | 13.51 | 52.67 | 17.83 | 13.33 | | | | |
| کۆمێنتدان | 77 | 454 | 413 | 58 | 86 | 2.65 | 0.97 | 53.00 | تاڕادەیەك |
| | 7.08 | 41.73 | 37.96 | 5.33 | 7.90 | | | | |
| **کۆی گشتی** | 116 | 762 | 1281 | 635 | 470 | 3.18 | 0.98 | 63.60 | تاڕادەیەك |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 14.40 | 19.45 | 39.25 | 23.35 | 3.55 | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0- 1.79: هەرگیز) , (1.80- 2.59: بەدەگمەن) , (2.60- 3.39: تاڕادەیەك) , (3.40- 4.19: زۆر) , (4.20- 5.0: هەمیشە)

خشـتەی ژمارە (9) ڕونی دەکاتەوە بەرتوێژان تا چ ڕادەیەک و چ جۆرە کارلێکێکیان لەگەڵ بابەتەکانی ناو سـۆشـیال میدیادا هەیە، وەک خراوەتەڕو لایکو ئیمۆجی بەپلەی یەکەم زۆرترین جۆری کارلێکی بەرتوێژان بوە لەگەڵ سـۆشـیال میدیادا بەڕێژەی (72.60٪)، دوای ئەوەش بەپلەی دوەم شەیرو بەشکردن تاڕادەیەک جۆری کارلێکی بەرتوێژان بوە، لەکۆتاییشداو لەپلەی سێیەم، کۆمێنتدان دێت کەتاڕادەیەک جۆری کارلێکی بەرتوێژان بوە لەنێو سۆشیال میدیادا. بەرتوێژان زۆرتر بەشێوەی لایک وئیمۆجیەکان کاردانەوەو چالاکیان هەبوە لەسـۆشـیال میدیا، هۆکاری ئەوە لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئاسـانیی و خێرایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئیموجیە هەمەجۆرەکان و لەلایەکی تریشـەوە، مەرج نییە هەمو بەکارهێنەرێکی سـۆشـیال میدیا هەمو دەقێکی نێو پلاتفۆرمەکانیان بەلاوە ئەوەندە گرنگ بێت کە کۆمێنتی بۆ بنوسن یان یان بەشداریی پێبکەن لەسەر ئەکاونتەکانی خۆیان.

**تەوەری سێیەم: کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان**

**خشتەی (10) کاریگەریی ئەپلیکەیشنەکانی چاتکردن لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان**

| ئەنجام | گرنگی ڕێژەیی | لادانی پێوانەی | ناوەندە ژمارەیی | هەمیشە | زۆر | تاڕادەیەك | بەدەگمەن | هەرگیز | برگە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Results | RI | S.D | Mean | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | |
| | | | | % | % | % | % | % | |
| زۆر | 79.89 | 0.92 | 3.99 | 340 | 510 | 136 | 96 | 6 | واتسئەپ |
| | | | | 31.25 | 46.88 | 12.50 | 8.82 | 0.55 | |
| زۆر | 69.41 | 0.91 | 3.47 | 160 | 339 | 447 | 137 | 5 | تێلیگرام |
| | | | | 14.71 | 31.16 | 41.08 | 12.59 | 0.46 | |
| زۆر | 77.30 | 0.83 | 3.86 | 251 | 496 | 287 | 51 | 3 | ڤایبەر |
| | | | | 23.07 | 45.59 | 26.38 | 4.69 | 0.28 | |
| بەدەگمەن | 38.99 | 1.17 | 1.95 | 6 | 165 | 182 | 150 | 585 | سیگناڵ |
| | | | | 0.55 | 15.17 | 16.73 | 13.79 | 53.77 | |
| هەمیشە | 84.93 | 0.88 | 4.25 | 528 | 360 | 144 | 52 | 4 | مێسێنجەری فەیسبوك |
| | | | | 48.53 | 33.09 | 13.24 | 4.78 | 0.37 | |
| زۆر | 70.10 | 0.94 | 3.51 | 1285 | 1870 | 1196 | 486 | 603 | **کۆی گشتی** |
| | | | | 23.62 | 34.38 | 21.99 | 8.93 | 11.08 | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0- 1.79: هەرگیز) , (1.80- 2.59: بەدەگمەن) , (2.60- 3.39: تاڕادەیەک) , (3.40- 4.19: زۆر) , (4.20- 5.0: هەمیشە)

خشـتەی ژمارە (١٠)، ڕونی دەکاتەوە ئەپلیکەیشـنەکانی چاتکردن، تا چ ڕادەیەک کاریگەرییان هەیە لەسـەر بەها کۆمەڵایەتییەکان و دەردەکەوێت بەشێوەیەکی گشـتی ئەم ئەپلیکەیشـنانە کاریگەریی زۆریان هەیە. وەک لەخشـتەکەدا دەردەکەوێت ڕێژەی وەڵامەکان بۆ بژاردەی (هـەرگیز) دەکـاتـە (11.8%)،ڕێژەی وەڵامی بژاردەی (بـەدەگمـەن) دەکـاتـە (8.93%)، ڕێژەی وەڵام بۆ بژاردەی (تاڕادەیەک)یش دەکاتە (21.99%)، لەکاتێکدا ڕێژەی وەڵامەکان بۆ بژاردەی (زۆر) بریتییە لە (34.38%)و ڕێژەی وەڵامیش بۆ بژاردەی (هەمیشـە) بریتییە لە (23.62)، هەروەها ناوەندی ژمارەی کێشـکراو (الوسـط الحسـابی الموزون – Weight mean) بریتییە لە3.51) )، کەئەمانە دەریدەخەن ئەنجامی ئەم خشـــتەیە لە لایەن بەرتوێژانەوە، کە بەگوێری (پێوانەی لیکارتی پێنجی) ئامادەکراوە، کاریگەرییەکی زۆری هەیە.

گرنگیی ڕێژەیی گشتیی خشتەکە (Relative Important)، دەکاتە (70.10%)و لادانی پێوانەیشی ـ دەکاتە (0.94%)، ئەمەش دەریدەخات ئەپلیکەیشنەکانی چاتکردن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان. وەک لەخشتەکەدا خراوەتەو، هەریەک لە ئەپڵیکەیشنەکانی ماسنجەری فەیسبوک و واتس ئەپ پلەی یەکەم و دوەمیان بەدەست هێناوە بۆ کاریگەرییان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان.

**خشتەی (11) کاریگەریی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان**

| برگە | هیچ هاوڕانیم | هاوڕانیم | دڵنیانیم | هاوڕام | تەواو هاوڕام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | | | | |
| | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| X1 | 6 | 119 | 48 | 334 | 571 | 4.25 | 1.01 | 85.00 | تەواو هاوڕام |
| | 0.56 | 11.04 | 4.45 | 30.98 | 52.97 | | | | |
| X2 | 3 | 75 | 119 | 611 | 280 | 4.01 | 0.82 | 80.20 | هاوڕام |
| | 0.28 | 6.89 | 10.94 | 56.16 | 25.74 | | | | |
| X3 | 5 | 25 | 116 | 789 | 153 | 3.97 | 0.62 | 79.40 | هاوڕام |
| | 0.46 | 2.3 | 10.66 | 72.52 | 14.06 | | | | |
| X4 | 65 | 155 | 251 | 482 | 135 | 3.43 | 1.07 | 68.60 | هاوڕام |
| | 5.97 | 14.25 | 23.07 | 44.3 | 12.41 | | | | |
| X5 | 10 | 128 | 116 | 583 | 251 | 3.86 | 0.93 | 77.20 | هاوڕام |
| | 0.92 | 11.76 | 10.66 | 53.58 | 23.07 | | | | |
| X6 | 18 | 226 | 162 | 598 | 84 | 3.46 | 0.96 | 69.20 | هاوڕام |
| | 1.65 | 20.77 | 14.89 | 54.96 | 7.72 | | | | |
| X7 | 61 | 129 | 107 | 452 | 339 | 3.81 | 1.16 | 76.20 | هاوڕام |
| | 5.61 | 11.86 | 9.83 | 41.54 | 31.16 | | | | |
| X8 | 69 | 206 | 118 | 647 | 48 | 3.37 | 1.04 | 67.40 | دڵنیانیم |
| | 6.34 | 18.93 | 10.85 | 59.47 | 4.41 | | | | |
| X9 | 30 | 87 | 363 | 289 | 319 | 3.72 | 1.06 | 74.40 | هاوڕام |
| | 2.76 | 8 | 33.36 | 26.56 | 29.32 | | | | |
| X10 | 59 | 110 | 185 | 634 | 100 | 3.56 | 0.98 | 71.20 | هاوڕام |
| | 5.42 | 10.11 | 17 | 58.27 | 9.19 | | | | |
| X11 | 133 | 197 | 355 | 338 | 65 | 3.01 | 1.10 | 60.20 | دڵنیانیم |
| | 12.22 | 18.11 | 32.63 | 31.07 | 5.97 | | | | |
| X12 | 32 | 85 | 102 | 349 | 520 | 4.14 | 1.06 | 82.80 | هاوڕام |
| | 2.94 | 7.81 | 9.38 | 32.08 | 47.79 | | | | |
| X13 | 157 | 209 | 285 | 414 | 23 | 2.94 | 1.11 | 58.80 | دڵنیانیم |
| | 14.43 | 19.21 | 26.19 | 38.05 | 2.11 | | | | |
| X14 | 297 | 389 | 165 | 213 | 24 | 2.34 | 1.14 | 46.80 | هاوڕانیم |
| | 27.3 | 35.75 | 15.17 | 19.58 | 2.21 | | | | |
| X15 | 126 | 245 | 198 | 313 | 206 | 3.21 | 1.30 | 64.20 | دڵنیانیم |
| | 11.58 | 22.52 | 18.2 | 28.77 | 18.93 | | | | |
| X16 | 79 | 136 | 265 | 564 | 44 | 3.33 | 0.99 | 66.60 | دڵنیانیم |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | 4.04 | 51.84 | 24.36 | 12.5 | 7.26 | |
| هاوڕام | 68.80 | 1.09 | 3.44 | 89 | 641 | 107 | 163 | 88 | $X_{17}$ |
| | | | | 8.18 | 58.92 | 9.83 | 14.98 | 8.09 | |
| هاوڕام | 77.60 | 1.34 | 3.88 | 520 | 238 | 90 | 159 | 81 | $X_{18}$ |
| | | | | 47.79 | 21.88 | 8.27 | 14.61 | 7.44 | |
| هاوڕام | 68.20 | 1.17 | 3.41 | 220 | 363 | 193 | 270 | 42 | $X_{19}$ |
| | | | | 20.22 | 33.36 | 17.74 | 24.82 | 3.86 | |
| هاوڕام | 74.20 | 0.89 | 3.71 | 176 | 551 | 237 | 116 | 8 | $X_{20}$ |
| | | | | 16.18 | 50.64 | 21.78 | 10.66 | 0.74 | |
| دڵنیانیم | 55.80 | 1.41 | 2.79 | 182 | 188 | 199 | 259 | 260 | $X_{21}$ |
| | | | | 16.73 | 17.28 | 18.29 | 23.81 | 23.9 | |
| هاوڕام | 82.60 | 0.86 | 4.13 | 390 | 546 | 64 | 83 | 5 | $X_{22}$ |
| | | | | 35.85 | 50.18 | 5.88 | 7.63 | 0.46 | |
| دڵنیانیم | 53.80 | 1.37 | 2.69 | 124 | 229 | 219 | 216 | 300 | $X_{23}$ |
| | | | | 11.4 | 21.05 | 20.13 | 19.85 | 27.57 | |
| هاوڕام | 82.20 | 0.78 | 4.11 | 339 | 584 | 121 | 37 | 7 | $X_{24}$ |
| | | | | 31.16 | 53.68 | 11.12 | 3.4 | 0.64 | |
| هاوڕام | 68.00 | 1.40 | 3.4 | 338 | 185 | 179 | 228 | 108 | $X_{25}$ |
| | | | | 32.56 | 17.82 | 17.24 | 21.97 | 10.4 | |
| تەواو هاوڕام | 94.00 | 0.60 | 4.7 | 817 | 232 | 23 | 13 | 3 | $X_{26}$ |
| | | | | 75.09 | 21.32 | 2.11 | 1.19 | 0.28 | |
| هاوڕام | 71.28 | 1.05 | 3.56 | 6357 | 11367 | 4387 | 4065 | 2052 | کۆی گشتی |
| | | | | 22.52 | 40.27 | 15.54 | 14.4 | 7.27 | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0- 1.79: هیچ هاوڕانیم) , (1.80- 2.59: هاوڕانیم) , (2.60- 3.39: دڵنیانیم) , (3.40- 4.19: هاوڕام) , (4.20- 5.0: تەواو هاوڕام)

خشتەی (11) کاریگەریی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕوندەکاتەوە. وەک دەردەکەوێت بڕگەی ژمارە 26 کە گوزارشت لەوەئەکات سۆشیال میدیا وایکردوە، کچان و ژنانی مۆدێل بکاتە خاوەن کارو سەرمایە، بە گرنگی ڕێژەیی (94.00) و ناوەندی ژمێرەیی (3.56) و لادانی پێوانەیی (1.05) پلەی یەکەمی هەیە. بەرتوێژان پێیانوایە کە سۆشیال میدیا بوەتە سەکۆیەك و شونێکی لەبار بۆ گەیاندنی پەیامی کچان و ژنانی مۆدێل و بونیان بە سەرمایەدار. هۆکاری ئەمە ڕەنگە ئەوە بێت کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستاش وەک پێویست هۆشیارنین لەبارەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیاو هەر خەڵکەکەیە وایکردوە ئەو کەسانە بەناوبانگ بن و دواجاریش ببنە سەرچاوەیەك بۆ دروستبونی پشێویی ئابوری لە خێزان و کۆمەڵگەدا، بەتایبەتیش کە کچان و ژنانی تریش لە کۆمەڵگەدا لەهەوڵی ئەوەدان لاسایی ئەم جۆرە لە ڕەفتاری کچان و ژنانی مۆدێل بکەنەوە.

لەلایەکی ترەوە، بڕگەی سۆشیال میدیا توانیویەتی بەکارهێنەران ئاشنا بکات بە بایەخی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا، بە گرنگی ڕێژەیی (85.00) و ناوەندیی ژمێرەیی (4.25) و لادانی پێوانەیی (1.01) لە پلەی دوەمدا هاتوە. بەرتوێژان پێیانوایە سۆشیال میدیا ڕۆڵی هەیە لە ئاشنابونیان بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەیان و لەپاڵ ئەوەشدا بنەما کۆمەڵایەتی و کەلتوری و بەها باوەکان لە کۆمەڵگەدا، بەهۆی سۆشیال میدیاوە گۆڕانکارییان بەسەرداا هاتوە.، هەرچەندە سۆشیال میدیا لەگەڵ ئەوەی ڕێگەیەکە بۆ ئاشنابون بە کلتورو دابونەریت و بەهاکانی کۆمەڵگەی تر، بەڵام کورد توانیویەتیشی بەها کۆمەڵایەتییەکانی خۆی تاڕادەیەک بپارێزێت و سۆشیال میدیا بکاتە وێستگەیەك بۆ گەیاندن و ناساندن و چەسپاندنی بەشێک لە بەها باوەکانی چ بۆ تاکی کوردی یان ناساندنی بەدەرەوە.

یەکێکی تر لەو بەها کۆمەڵایەتییانەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر کردوە بریتییە لە چاودێریکردنی ژیانی تایبەتی کەسەکان، کە ئەمە لەبڕگەی ١٢ی خشتەی (١١)یەو بە گرنگی ڕێژەیی (82.80) و ناوەندی ژمێرەیی (4.14) و لادانی پێوانەیی (1.06) لەپلەی سێیەمدا هاتوە. بەپێی ئەم ئەنجامە، سۆشیال میدیا ژیانی تایبەتی کەسەکانی تاڕادەیەکی زۆر نەهێشوەو بوەتە پێگەیەك بۆ خستنەڕوی کاروبارو ژیان و باسکردنی خەلک و هەندێجار گوزەران و نهێنییەکانی ژیانی خێزانیش. هۆکاری ئەمە ئەوەیە هیچ جۆرە سانسۆرێك لەسەر بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە نییەو ڕێکنەخراوەو هۆشیاریی بەکارهێنانیشی وەک پێویست نییە

بابەتێکی تر کە سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر دروستکردوە کەسایەتیی خەڵکە بەشێوەیەکی گشتیی بەجۆرێک بوەتە هۆی دروستکردنی کەسایەتی دوڕو لە کۆمەڵگەدا، کە ئەمە ئەنجامێکی تری ڕاپرسیی ئەم توێژینەوەیە. ئەم بابەتە برگەی (٢٢)ی خشتەکەیەوگرنگی ڕێژەیی (82.60)و ناوەندی ژمێرەیی (4.13)و لادانی پێوانەیی (0.86) هەیەو ڕیزبەندیی چوارەمی گرتوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات لەنێو سۆشیال میدیادا زۆرێک لەبەکارهێنەران کەسایەتیی ساختەیان هەیەو ڕوی ڕاستەقینەی خۆیانی پێ دەشارنەوەو دەریناخەن، یان جۆرێک لە نمایش و نواندن دەکەن. ئەم جۆرە لەبەکارهێنەری دوڕوی نێو سۆشیال میدیا، تاڕادەیەک لەژیانی واقیعیشدا ڕەنگیداوەتەوەو بەزۆریشکەسانێکن ڕەنگە ویستێکی نەرێنیان هەبێ لە نێو کۆمەڵگەدا. دواجاریش ئەمە کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاکی کۆمەڵگەی کوردی دروست دەکات و دەیخاتە دۆخێکی پەشێوەییەوە کە زۆر بە نارەحەت لەوانەیە لێێ دەربچێت، زۆرجاریش دوچاری خەمۆکی و هەندێک کەموکەڕیی تری دەکاتەوە.

برگەی (24) بریتییە لەکاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر ئاسانکردنی بازاڕکردن و کڕینی پێداویستییەکان و بە گرنگیی ڕێژەیی (82.20) و ناوەندی ژمێرەیی (4.11) و لادانی پێوانەیی (0.87) ڕیزبەندیی پێنجەمی هەیە. یەکێك لە سودەکانی سۆشیال میدیا ئاسانکارییە لە بازاڕکردن و هەرچەندە ئەم بوارەش هەندێ لایەنی لاوازی هەیە بەڵام بەرتوێژانان سۆشیال میدیا بە گرنگ دادەنێن لە ئاسانکاریی و دابینکردنی پێداویستییەکانیان، چونکە وایکردوە هەر لەڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە بازاڕبکەن و کاڵا بکڕن.

خشتەی ژمارە (١١) کەتایبەتە بەگۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکانی ژنان بەهۆی کاریگەریی سۆشیال میدیاوە، لە (26) برگە پێکهاتووەو وەک خراوەتەڕو ڕێژەی وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بۆ بژاردەی (هیچ هاوڕانیم) دەکاتە (7.27%), ڕێژەی وەڵامدانەوەش بۆ بژاردەی (هاوڕانیم) دەکاتە (4.14%)و هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (دڵنیانیم) دەکاتە (15.54%). لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هاوڕام) بەگشتیی بریتییە لە 40.27%و وەڵامی بژاردەی (تەواو هاوڕام) بریتییە لە (22.52%). هەروەها ناوەندی ژمارەی کێشکراو (الوسط الحسابي الموزون (Weight mean – بریتییە لە (3.56)، کە دەریدەخات وەڵامی ئەو پرسیارانە لە لایەن بەرتوێژانەوە کە بەگوێرەی (مقايسى ليكات الخماسى) ئامادەکراوە، بریتییە لە (هاوڕام).

لەئەنجامی خشتەکانی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت سۆشیال میدیا کاریگەری هەبوە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەنێو ژنانی هەرێمی کوردستاندا. ڕاستە گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی تەنها بەهۆی سۆشیال میدیاوە نییە، بەڵکو زۆر پاڵنەرو هۆکاری دیکە هەیە کە یارمەتیدەرن لەگەڵ سۆشیال میدیا بۆ ئەو گۆڕانە. بەهای کۆمەڵایەتیەکان بابەتێکی ئاڵۆزەو فرە لایەنە، کاریگەریی هەیە لەسەر نۆرم و ڕەفتارو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لەسەر پرسە تایبەتەکانی ژنان و هاندانیان لە کردەوەو داکۆکیکردن لە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە ژیانیاندا، هەرچەندە بەشێکی ئەم گۆڕانکاریانەش ئەرێنی نین. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە، پەیوەندیی نێوان هەردو گۆڕاوی سەربەخۆو شوێنکەوتو (ناسەربەخۆ) خراوەتەڕو تابزانرێت سۆشیال میدیا تا چ ڕادەیەک کاریگەریەکی هەبوە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان، وەک لەخشتەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (12) گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتیەکانی ژنان بەهۆی کاریگەریی سۆشیال میدیا

| برگە | هیچ هاوڕانیم | هاوڕانیم | دڵنیانیم | هاوڕام | تەواو هاوڕام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دوبارە بونەوەکان | 2052 | 4065 | 4387 | 11367 | 6357 | 28228 |
| % | 7.27 | 14.4 | 15.54 | 40.27 | 22.52 | 100.0 |
| ڕیزبەندی | | | | | | 5 – 1 |

| ئامرازە ئامارییەکان | ناوەندە ژمارەیی (Mean) | لادانی پێوانەی (S.D) | گرنگی ڕێژەیی (RI) | ئەنجام (Result) |
|---|---|---|---|---|
| | 3.56 | 1.05 | 71.28 | هاوڕام |
| پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی : (1.0- 1.79: هیچ هاوڕانیم) , (1.80- 2.59: هاوڕانیم) , (2.60- 3.39: دڵنیانیم) , (3.40- 4.19: هاوڕام) , (4.20- 5.0: تەواو هاوڕام) | | | | |

خشـتەی (12) گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکانی ژنان بەهۆی کاریگەریی سـۆشـیال میدیا ڕوندەکاتەوە، ئەوە خراوەتەڕو کە زۆرینەی بەرتوێژران تەواو هاوڕان لەگەڵ ئەوەی سـۆشـیال میدیا کاریگەریی لەسـەر بەها کۆمەڵایەتییەکانی ژنان دەکات، بە گرینگی ڕێژەیی (71.28) و نـاوەنـدی ژمێرەیی (3.56) و لادانی پێوانەیی (1.05)، کەواتە بژاردەی (هـاوڕام) گرنگی ڕێژەییەکی بەرزی هەیە لای بەرتوێژان، لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرینەی ژنانی هەرێمی کوردستان لە هەر چوار شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) هاوڕان لەگەڵ ئەوەی سـۆشـیال میدیا کاریگەری هەیە لەسـەر گۆڕینی بەها کۆمەلایەتیەکانی ژنانی هەرێمی کوردسـتان و ئەمەش ڕێژەی ئاماری ئەنجامەکەی دەکاتە (40.27%)، گرنگی ڕێژەییەکەی بریتییە لە (71.28%)، کەواتە ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ سـەرچاوەکانی تر کە باس لەوە دەکەن سـۆشـیال میدیا کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسـەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت توێژینەوەی هەژان هێرش سـەبارەت بە دراماتورکییە دۆبلاژکراوەکان و ڕەنگدانەوەی لەسـەر بەها کۆمەڵایەتییەکان، کە لەسـاڵی 2023 پێشـکەش بە زانکۆی سـلێمانی بەشی زانسـتە مرۆییەکان کراوە، توێژینەوەکە گەیشـتۆتەئەو ئەنجامەی دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییان لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی بەرتوێژان هەیە کە گەنجانن، چونکە پلاتفۆرمەکانی سـۆشـیال میدیا بەجۆرێك بڵاوبونەتەوە هەمو تاکێك لە هەرکوێی جیهان بێت دەتوانێت بەهۆی بونی ئینتەرنێت و ئامێرە زیرەکەکانەوە دەستی پێبگات، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بینین و ئاستی تێگەیشتنیان دادەنێت و وادەکات ئەو پەیامانەی لەرێگەی ئەم شاشە زیرەکەوە پێی دەگات، ببێتە بەشێك لە ژیان و دواتر گۆڕینی نۆرمی لێدەکەوێتەوە.

**گریمانەی یەکەم:** پەیوەندی نێوان سۆشیال میدیا و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان

$H_0$: پەیوەندی ئامازەیی ئاماری نیە لە نێوان سۆشیال میدیا و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان.

$H_1$ : پەیوەندی ئاماژەیی ئاماری هەیە لە نێوان سۆشیال میدیا و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان

خشتەی (١٣)پەیوەندی سۆشیال میدیا و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان

| کۆڕاوەکان | گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنان | | |
|---|---|---|---|
| | پەیوەندی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداری ( الدالة الاحصائية) (P-value) | |
| سۆشیال میدیا | 0.650 | 0.000 | 0.05 > |

خشتەی (١٣) ڕونی دەکاتەوە پەیوەندی سۆشیال میدیا و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان: دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (سۆشیال میدیا و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان) کە بەهاکەی دەکات (0.650) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندیەکی ئاماری ڕاستەوانەی لاوازیان هەیە لە نێوان (سۆشیال میدیا و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان) هەروەها پەیوەندیەکی بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداری -P-value ) بچوکترە لە بەهای (0.05)، کەواتە قبولی گریمانەی ($H_1$) دەکەین و ڕەفزی گریمانەی ($H_0$) دەکەین

بەهای پەیوەندی گۆڕاوەکان (قيمة معامل الارتباط)

| بەهای پەیوەندی | ئەنجام پەیوەندی | بەهای پەیوەندی | ئەنجام پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| 0.1 بۆ 0.49 | پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی لاوازە | -0.1 بۆ -0.49 | پەیوەندیەکی پێچەوانەی لاوازە |
| 0.5 بۆ 1.0 | پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بەهێزە | -0.5 بۆ -1.0 | پەیوەندیەکی پێچەوانەی بەهێزە |

**گریمانەی دوەم:** کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان

H_0 : سۆشیال میدیا کاریگەریی نیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان
H_1 : سۆشیال میدیا کاریگەریی هەیە نیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان

خشتەی (١٤) ڕونی دەکاتەوە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان

| Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحدید | ANOVA Table (F-test) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | درجه الحریه | بەهای تاقیکردنەوەی ف | |
| | | T (اختبار) T-test | Sig. (الدلاله) | $R^2$ | D.F | قیمة F | |
| جێگیر (ثابت) | 0.988 | 10.846 | 0.000 | 0.422 | 1 | 128.967 | |
| سۆشیال میدیا | 0.7001 | 28.154 | 0.000 | | 1086 | 0.000 | Sig. (الدلاله) |

خشتەی (١٤) ڕونی دەکاتەوە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی مۆدێلی( Regression Model) ، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف:(ANOVA Table -F-Test) ڕونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری (.Sig)بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوی المعنوی) ی (0.05).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (سۆشیال میدیا) دەکاتە (28.154) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەکەوێت (سۆشیال میدیا (کاریگەری هەیە لە ڕەنگدانەوەی لەسەر (گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە (0.05), کەواتە قبولی گریمانەی (H_1) دەکەین و ڕەفزی گریمانەی (H_0) دەکەین.

هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحدید R2-) کە دەکاتە (0.422) واتە بەرێژەی (42.2%) ئاستی (سۆشیال میدیا) کاریگەری هەیە لەسەر (گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان) ڕەنگ دەداتەوە, بەواتایەکی تر (سۆشیاڵ میدیا) بە ڕێژەی (42.2%) کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان.

**گریمانەی دووەم:** کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان
H_0 : سۆشیال میدیا کاریگەریی نیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان
H_1 :سۆشیال میدیا کاریگەریی هەیە نیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان

**خشتەی (١٥) ڕونی دەکاتەوە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان**

| نموذج Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحدید | ANOVA Table (F-test) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | درجه الحریه | بەهای تاقیکردنەوەی ف | |
| | | T (اختبار) T-test | Sig. (الدلاله) | $R^2$ | D.F | قیمة F | |
| جێگیر (ثابت) | 0.988 | 10.846 | 0.000 | 0.422 | 1 | 128.967 | |
| سۆشیال میدیا | 0.7001 | 28.154 | 0.000 | | 1086 | 0.000 | Sig. (الدلاله) |

خشتەی (١٥) ڕونی دەکاتەوە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی مۆدێلی( Regression Model) ، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف:(ANOVA Table -F-Test) رونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری (.Sig)بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوى) ی (0.05).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (سۆشیال میدیا) دەکاتە (28.154) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەکەوێت (سۆشیال میدیا (کاریگەری هەیە لە ڕەنگدانەوەی لەسەر (گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە (0.05), کەواتە قبولی گریمانەی (H_1) دەکەین و ڕەفزی گریمانەی (H_0) دەکەین.

هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحديد (-R2 کە دەکاتە (0.422) واتە بەرێژەی (42.2%) ئاستی (سۆشیال میدیا) کاریگەری هەیە لەسەر (گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان) ڕەنگ دەداتەوە، بەواتایەکی تر (سۆشیال میدیا) بە ڕێژەی (42.2%) کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان.

**دەرئەنجام و پێشنیازەکان:**

گرنگترین دەرئەنجامەکان کە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشتوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- لەدەرئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە سۆشیال میدیا کاریگەری نەرێنی هەبوە لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستا ن، ئەوەش بەرێژەی( ٤٠.٢٧ ٪) بەرتوێژان هاوڕان و (٢٢.٥٢ ٪) بەرتوێژان تەواو هاوڕان لەگەڵ ئەوەدا.

**٢-** لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە دیارترین ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی لای ژنانی هەرێمی کوردستان بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیاوە گۆڕانیان بەسەردا هاتوە، بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (٩٤٪)ی بەرتوێژان تەواو هاوڕان لەوەی سۆشیال میدیا وایکردوە کچان و ژنانی مۆدێل بکاتە خاوەن کارو سەرمایە، لەبەرئەوەی سۆشیال میدیا کاریگەری بەرچاوی لەسەر دەرکەوتنی کچان و ژنانی دەرکەوتوی ناو پلاتفۆرمەکان هەبوە.

**٣**-سۆشیال میدیا کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای ژنانی هەرێمی کوردستان، بە پلەی یەکەم پلاتفۆرمی تیک تۆک دێت بەرێژەی ( ٦٩.٥٨ ٪)بەرتوێژان پێیان وایە کە کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی ژنان. سەبارەت بە ئەپڵیکەیشنەکانی چات کردن، زۆرینەی بەرتوێژان بە رێژەی (٤٨.٥٣٪) پێیان وایە مێسنجەری فەیس بوک بە پلەی یەکەم کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی ژنان لەهەرێمی کوردستان.

٤- لەدەرئەنجامدا دەرکەوت کە ژنان کارلێکێکیان لەگەڵ بابەتەکانی ناو سۆشیال میدیادا هەیە، بەپلەی یەکەم بەشێوەی لایك و ئیمۆجی زۆر کارلێکیان هەبوە لەگەڵ سۆشیال میدیادا بەرێژەی (٦٠.٧٢٪)، ئەمە ئەوە ڕوندەکاتەوە کەبەرتوێژان زۆرتر بەشێوەی لایك وئیمۆجیەکان (ریاکشنەکان)یان بەکارهێناوە، کەمتر دابەزیونەتە سەر هەڵبژاردەی دوەم و سێیەم (شەیروبەشکردن، کۆمێنتدان)کەئەوانیش تاڕادەیەك کاریگەریان هەبوە.

٥- لەدەرئەنجامدا ئەوە دەرکەوتوە کە ژنان لەسەر بنەمای خزمایەتی بەپلەی یەکەم بە رێژەی ئاماری (24.57%)، پەیوەندیەکانیان لەناو سۆشیال میدیا ڕێکدەخەن، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی کە خزمایەتی ئەڵقەی یەکەمی کۆکەرەوەی پەیوەندیەکانە لەناو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان و بەتایبەتی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان، چونکە دین وکەلتور ڕێگەیان پێنادات پەیوەندیەکانیان فراوانتر بکەن.

٦- لە دەرئەنجامدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەیاندنی بەشێك لە کەلتور و بەهای کۆمەڵایەتی میللەتانی دیکە، بەهۆی ئەوەی بەرتوێژان بەرێژەی (80%) پێیان وایە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ئاشنات دەکات بە کەلتوری جیاوازوئادات و تەقالیدی نەتەوەکانی دیکە.

**ڕاسپاردە:**

1- کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر گۆڕینی بەهای کۆمەڵایەتی کچانی هەرزەکار لە کۆمەڵگەی کوردیدا.
2- ڕۆڵی سۆشیال میدیا لەگۆڕینی بەهاکانی گەنجانی زانکۆ.
3- کاریگەری تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر گۆڕینی بەهاکانی ژنان لە کوردستاندا.

**پێشنیاز بۆ کاری ئەکادیمی تر:**

توێژەر لەدوای ئەم توێژینەوەیەی ئەنجامی داوە، چەند پێشنیازێک دەکات تا توێژەرانی دوای خۆی توێژینەوەی لەسەر بکەن:
لەبەر ڕۆشنایی ئەم توێژینەوەیەو شیکاری ئەنجامەکان، توێژەر ئەم چەند ڕاسپاردەیەی هەیە:

1-دەرکردنی یاساو ڕێنمایی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە بۆ ڕێکخستنی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوەی زیانی نەبێت بۆ سەر کۆمەڵگە.

2- دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەسمی و نارەسمیەکان لەڕێگەی ماڵپەرو لاپەڕە فەرمیەکانیانەوە هۆشیاری بدەن بە خوێنەران و بینەرانیان بەمەبەستی کەمکردنەوەی خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیاو بڵاونەکردنەوەی پۆست و وێنەی نەشیاو، کە دواتر ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر تاک. هەروەها یاسای ڕۆژنامەگەریو بەڵێننامەی شەرەفی ڕۆژنامە نوسی بەرجەستەی کارەکانیان بێت

3-دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێت زیاتر لەخەمی وەرگرەکانیان بن، ئەو پەیامەی دەیگوێزنەوە دەبێت لەپەیامە میدیاییەکە لانەدات بەهای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت.

**سەرچاوەکان:**


علی، هەژان هێرش (2023): **دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان**، چاپی یەکەم،سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

یادگار، عەلی ڕەشـید(٢٠٢٢)**کاریگەری بەکارهێنانی فەیسبوک لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا**، وزارة التعليم العالي و **البحث العلمي-الجامعه العراقيه**، ص(٨٨٩-٩٣٥).

کاروان، عەلی قادر(٢٠٢١) کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر ڕەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژ:٣ لا (٥٢٩-٥٥٤).

تيسير، عرجه (٢٠٠٠): **دراسات في الصحافة والآعلام**، عمان :دار مجدلاوي للنشر.

دراجي، ابتسام (2020): **تأثير استخدام مواقع التواصل االجتماعي على العالقات االجتماعية للشباب الجزائري** -دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعة صالح بوبنيدر- قسنطينة 3– مجلة المعيار :ISSN 4377-1112 مجلد: 42 عدد: 50

سلمى، ابراهيم محمد ابراهيم (2015) **دور الشبكات الاجتماعية في توعية المرأة بالقضايا االاجتماعية، المجلة العلمية لبحوث الصحافة**، العدد الرابع، الصفحة: 447-411.

عايز. أمل إسماعيل (٢٠١٠): **قياس القيم الاجتماعية وعلاقتها بتقبل الذات لدى طلبة الجامعة**، مجلة الفتح كانون الاول ٢ العدد٤٥.

مريم، بوجملين (2013): **القيم الاجتماعية و دورها في توجية وتشكيل الثقافة التنظيمية للعاملين في مؤسسة أنتاجية دراسة ميدانية بمصنع سويح الاج باولاد دراج ولاية المسيلة**، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة المسيلة كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية.

منيغد و فنير، حورية و ليندة، (2021): **دور شبكات التواصل االجتماعي في تشكيل الرأي العام حول قضية اختطاف األطفال في الجزائر**، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد الصديق بن يحيى، جيجل كلية العلوم الانسانية والاجتماعية.

نورية، بوشريط (٢٠٢٠): **الشباب والقيم في ظل التحوالت االجتماعية وتكنولوجيا ا إالعالمواالتصال الحديث(رؤيةاستكشافية)**، El-Khaldounia Journal of Human and Social Sciences ISSN:1112-5896.

نوشي و الربيعي، زينة سعد و بيرق حسين جمعة (2013): **شبكات التواصل الاجتماعي وحرية التعبير عن الحقوق الفردية والتنوع الاجتماعي- الفيس بوك انموذجا**، مجلة الباحث الاعلامي العدد (38).

الهبارنة و عبدالجبار، نجاح حسين و صفاء طلال (2021) **أثر مواقع التواصل الاجتماعي على القيم لدى الشباب الاردني من وجهة نظر طلبة الدراسات في جامعة مؤتة**، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات الانسانية.

Addel, marlo Jinxi (2018) : The effects of Social media on body image constructs amongactive women , California Southern university approval.

Drames,Tara Scirrotto, (2016) The impact of internet social networking on young women’s mood and body image satisfaction: anexperimentaldesign, Philadelphia College of Osteopathic Medicine.
Jorge and others, ana (2023) Parenting on Celebrities’ and Influencers’ Social Media: revamping Traditional Gender Portrayal, Journalism and media.
Kennedy, Katie (2019): Positive and Negative and Negative Effects of Social Media on Adolescent well- being. acollection of Scholarly and Creative Works for Minnesota State University-Mankato.
Köstl-Lenz, Massimo Loui ,(2020) : The Superstar Phenomenon Distributions of fame , success, and individual, Vienna University of Economics and Business.
Prévoyantes Socialistes (2021) : l’ASBL Fédération des Centres de Planning familial des Femmes Prévoyantes Socialiste, Également disponible en téléchargement.
https://Data Reportal.com\reports/ Digital-2022-iraq. communications and Marketing Home / Marketing & Branding / Social medi. 20-10-2023.
https://www.statista.com.